cyan magenta yellow black File: p.14-15 fl ˙ Æ˝ ” 2

بارزان خولێکی تۆپی پێ بەڕێوەچوو

مسلم دۆلەمەری – بارزان

لەدرێژەی کاروچالاکییەکانی خۆیدا لەژێر دروشمی ئیتمەی وەرزش وان دەنگ دەدەین بەسەربەخۆی وەبە ئامادەبونی ژمارەیەک لەبەرپرس ونوێنەرانی ئیداری وحزبی ووەرزش دۆستان ناوەندی چالاکی وپێگەیاندنی لاوانی نزاری سەربەناوەندی بالای بارزان هەستا بەکردنەوەی خولێکی تۆپی پێ بۆ 32تیمی سنوری خۆیو دەوروبەری . شایانی باسە ئەم خولە بەبەشداری 32 تیمی دەقەری بارزان وسۆران ومەسیف شەوانە لەیاریگای فریزی دەست کردنی زورەگڤان بە شێوەی یەک دوران ودەرچون لەلایەن چەند ناوبژیوانێکی لێهاتوو بەرێوەدەچێت ,وەیەکەم یاریش بۆ کردنەوەی خولە کە لەنێوان تیمی لاوانی دیاناو تیمی لاوانی ئێروان بۆماوەی دوو خولەک ئەنجامدرا .

بەرشلۆنە بۆ یاری سوپەری ئیسپانیا ئامادەیە

یاریزانانی یانەی بەرشلۆنە لە سێ شەمەی رابردوو مەشقەکانیان بۆ رووبەڕووبوونەوەی ریال مەدرید دەست پێکردەوە، کە لەیەک شەمەی داهاتوو لەمیانی جامی سوپەری ئیسپانیا بەڕێوەدەچێت، ئەم مەشقانە لەکاتێک هات کە یانەی بارسا لەدوای سەرکەوتنیان بەسەر یانەی شابیکۆینسی بەرازیلی بە5گۆڵی بێ وەڵام سەرکەوت، لەیاری دۆستانەی جامی گامپەر. رۆژنامەی (مۆندۆ دیپۆرتیڤۆ) بڵاویکردەوە، کە بەرگریکار تۆماس فێرمایلن و یاریزانی هێڵی ناوەڕاست ئاندریا گۆمێش و رافینیا گابوا بەشداری مەشقەکانیان کرد، لە تیپی دووەمیش هەریەک لە ئەدریان ئارتۆلاو کارلیس ئالینا بەشداریان کرد. بەمەش یانەی کاتەلۆنی دوایین مەشقەکانی بۆ یاری کلاسیکۆی سوپەر لە هەینی داهاتوو ئەنجام دەدات.

ئۆستاپینکۆ ماڵئاوایی لە تۆرنتۆ کرد

کچە لاوی ئەستۆنی یلینا ئۆستابنکۆ پاڵەوانی رۆڵان گارۆسی فەرەنسی لە قۆناغی یەکەمی تۆرنتۆی کەنەدی بۆ تۆپی زەرد ماڵئاوای یکرد، دوای دۆڕاندنی بەرامبەر کچە ئەمریکی فارفارا لیبشنکۆ بەئەنجامی 1-6و (2-7)7-6و -7)7-6 (5ئۆستابنکۆی تەمەن 20ساڵ بەر لەدوو مانگ ئەنجامێکی ناچاوەڕوانکراوی لەپاڵەوانێتی فەرەنسای کراوە بەدەستهێنا ، دوای بەرزکردنەوەی نازناوی رۆڵان گارۆس دووەم پاڵەوانێتی گراند سەلام، دوای سەرکەوتنی لەیاری کۆتایی بەسەر کچە یاریزانی رۆمانی سیمۆنا هالیپ.

رۆمان ئەبرامۆڤیچ لەهاوسەرەکەی جیابۆوە

ملیاردێری رووسی رۆمان ئەبرامۆڤیچ خاوەنی یانەی چێلسی ئینگلیزی رایگەیاند کە لەهاوسەرەکەی داریا زۆکۆڤا جیابۆتەوە، لە بڵاوکراوەکەی ناوبراودا هاتووە: دوای 10ساڵ بەیەکەوە بڕیارێکی زەحمەتمان دا کە ئەویش جیابوونەوەبوو ، بەڵام هەروەکو دوو هاوڕێی نزیک لە منداڵەکان دەمێنینەوە وەکو هاوبەشێک لەو پرۆژانەی کە بەیەکەوە پێشمان خستوون، ئەبرامۆڤیچی تەمەن 50ساڵ 2جار هاوسەری کردووە، یەکەمین لەگەڵ زۆکۆڤای تەمەن 36ساڵ بوو کە خاوەنی هۆڵێکی نمایشکردن بوو، رۆژنامەی وۆل ستریت گۆرناڵ دەڵێت: هەردوو هاوسەر لەساڵی 2005ژیانی هاوسەریان پێکهێنا ، دوای چەند ساڵێکی کەم لەبەیەکەوە بوون، ئەبرامۆڤیچ خاوەنی دوو منداڵ بوو لە زکۆڤا، گۆڤاری (فۆربز) دەڵێت: میلیاردێری رووسی لەپلەی 139ی دەوڵەمەندانی جیهان دێت.

بایرن میونخ بۆ رووبەڕووبوونەوەی کیمنتسەر ئامادەیە

یانەی بایرن میونخ خەریکی خۆ ئامادەکردنە بۆ رووبەڕووبونەوەی یانەی کیمنتسەر لەجامی ئەڵمانیا کە لەشەمەی داهاتوو ئەنجام دەدرێت، پیاوانی ئەنشیلۆتی هیواخوازن بتوانن لەم یارییەدا سەرکەوتن تۆمار بکەن، بۆ ئەوەی هەنگاوێک بچنە پێشەوە بۆ ململانێکردن لەسەر سێ نازناوی وەرزی تازە.

داهاتی یارییەکە بۆ قوربانیانی کارەساتی تێکشکانی فڕۆکەی یانە بەڕازیلییەکە دەبێت

رۆما یارییەکی خێرخوازی بەرامبەر شابیکۆینسی دەکات

یانەی رۆمای ئیتاڵی رایگەیاند کە یارییەکی خێرخوازی لە یەکی مانگی ئەیلوول بەرامبەر یانەی شابیکۆینسی بەرازیلی لەسەر یاریگای ئۆلۆمپیکۆ ئەنجام دەدات. ماڵپەڕی (فوتبۆڵ ئیتاڵیا) بڵاویکردەوە کە لە 1ی ئەیلوول یانەی رۆما لەسەر یاریگای ئۆلۆمپیکۆ رووبەڕووی یانەی شابیکۆینسی بەرازیلی دەبێتەوە ، داهاتی یارییەکەش بۆ زیان پێکەوتووانی کارەساتی تێکشکانی فڕۆکەی تیپی یانەی شابیکۆینسی دەبێت کە لەگەشتێکیان بۆ کۆلۆمبیا تووشی هاتن. رۆما لە بڵاوکراوەیەکیدا دەڵێت: کۆی داهاتی یارییەکە بۆت بێپی شابیکۆینسی دەبێت، بەتایبەتی ئەوانەی زیانیان لەگەشتە ئاسمانییەکە بۆ کۆلۆمبیا پێکەوتووە، لەمیانی یاری کۆتایی جامی ئەمریکای باشوور لە نۆڤەمبەری 2016.